بە چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆک مە سعوود بارزانی

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

معرض أربيل الدولي للكتاب 17

جیهان بەکوردی دەدوێت

للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

9-19 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

پاشکۆیەکی ڕۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن ورۆشنبیری وهونەری المدی دەری دەکات | ژمارە (5) ساڵی بیست ودووەمین- یەك شەممە (13)نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# فازڵ میرانی: کتێب دەرگایەکی بچووکە بۆ جیهانێکی گەورە





فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێک لە سەردانیکارانی پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب بوو لە هەولێر، میرانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: کتێب دەرگایەکی بچووکە بۆ جیهانێکی گەورە. گوتیشی: من ئەگەر دەرفەتم هەبێت، لە هەموو بوارێکدا کتێب دەخوێنمەوە، چونکە هیچ کتێبێک بێ سوود نییە، هەموو کتێبێک سوودی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر زیانیشی هەبێت بێگومان سوودێکی هەر تیایە، وەک چۆن هەموو شتێک سلبیات و ئیجابیاتی هەیە، بۆیە لەدیدی مندا هیچ کتێبێک بێ سوود نییە.

فازڵ میرانی لە بەشێکی دیکەی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەیدا گوتی: من ناڵێم بیرکاری و انپزیشکی دەخوێنمەوە، بەڵام لەبارەی ئابووری و شیعر و مێژوو دەخوێنمەوە.

زاما للدعاية والاعلان
جمعية الناشرين والكتبيين العراقيين
KURDISTAN empower
964+
GOETHE INSTITUT
RÛDAW
K24
شبكة الاعلام العراقي
CBI CENTRAL BANK OF IRAQ 1947

# مەسعود بارزانی:
# فەرهەنگ و رۆشنبیری بنەمای سەرەکین بۆ لێکتێگەیشتنی نەتەوە و گەلان

■ د.محمد خدر مولود



رۆژی چوارشەممە ٩ی نیسانی٢٠٢٥ سەرۆک مەسعود بارزانی حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی لە هەولێر کردەوە. ئەم ساڵ حەڤدەمین ساڵە لەدوای یەک سەرۆک بارزانی شریتی کردنەوەی ئەم پێشانگا فەرهەنگی و رۆشنبیرییە دەپچڕێنێ ودەیکاتەوە. ساڵانە دەزگای (ئەلمەدا) کە ئەم پێشانگانە نێودەوڵەتییە بۆ کتێب لە هەولێری پایتەختی کوردستان رێکدەخات سەدان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەوکتێبخانەوناوەندنی رۆشنبیری وئەکادیمی وراگەیاندن وبڵاوکردنەوە و چاپی ولاتانی عەرەبی و ناوچەکە دێنێتە نێو هۆڵی پێشانگاکە سەرباری چەندین دەزگاو بڵاوکراوە و کتێبخانەو ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی کوردی سەدان و هەزاران ناونیشانی کتێب دێننە کوردستان و ئاشنای خوێنەرو رۆشنبیرانی کورد و میوانانی دەکەن.

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب سەرباری نمایشکردنی کتێبی تازە و گەیاندنی دوا بابەتە ڕۆشنبیری و هزرییەکان لە رێگای کتێب و چاپەوە، دیدارو سمینارو کۆڕو پانێلەکانی ڕۆژانەی پێشانگاش دروستکردنی جۆرێکی ترە لە پەیوەندی ڕۆشنبیری و ئاڵوگۆڕکردنی بابەتە هزرییە سەردەمییەکان و یەکتر ناسینی زیاتری ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە لایەک لەگەڵ یەکتری و ئاشابوون و ناسینی زیاتریش لەگەڵ رۆشنبیران و نووسەرانی غەیرە کورد و عەرەبی عێراقی. ئەم ساڵ لە رۆژی چوارشەمە ٩ ی نیساندا، وەک ساڵانی پێشوو سەرۆک بارزانی دوای کردنەوەی پێشانگایەکە چەندین ناونیشانی کتێبی داواکراوی خۆی هەبوو، لە پێشانگایەکە دەستی کەوت و چەندین ناونیشانیش لە لایەن خاوەن دەزگا کانی چاپ و چاپەمەنییەکان پێشکەشی کرا.

ئەوەیان ئەوەدەگەینێ کە سەرۆک مەسعود بارزانی، خوێنەرێکی وردی کتێبە وسات و کاتی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی کتێب و بابەتە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکان تەرخان دەکات. چونکە لە دیدو بۆچوون و تێگەیشتنی بەرێزیان باتەخی کتێب و بەهای کتێب زیندووە و بەردەوامی ژیانی تێدایە. هەربۆیە لە وتاری ئەو رۆژەی پێشانگایەدا ئەو وتەیەی شاعیری گەورەی عەرەب (موتەنەبی) بەم جۆرە لە وەسفی کتێب و بایەخی کتێبدا گوتی:

هەرچەندە دونیا بەرەوپێش بچێیت،تەکنەلۆژیا بەرەو پێش بچێیت ئەوفەرموودەیەی شاعیری گەورەی (موتەنەبی) ئەو حەقیقەتە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە کە دەڵێیت: خیرو خلیس فی زمان کتاب، قیمەتی کتێب، ئەهمیەتی کتێب بەهیچ شێوەیەک لاناچێ، بەردەوام دەبێ و بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

لای سەرۆک بارزانی کتێب و خوێندنەوە، راستیەکی رۆشنبیری وفاکتەرێکی بەهێزی پەیوەندی مرۆڤ و ڕایەڵەی پتەوی لێکتێگەیشتنی گەلان و نەتەوەکانی جیهانە. بەرێزیان ئەم تێگەیشتن و هزربینی خۆی بۆ هۆکارو فاکتی فەرهەنگی و رۆشنبیری بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و هزری مرۆڤایەتی، لە رۆژی پێنجشەممە ١٠ی نیساندا لە پێشوازی کردنی بەرێزیان لە ژمارەیەک ئەدیب و نووسەرو کەسایەتی عەرەب کە بەمەبەستی بەشداری لە حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب سەردانی هەولێریان کردبوو لە گوتەیەکدا ئەو فاکتە گرنگەی درکاند و رۆشنایی خستە رۆڵی زانایان و ئەدیبانی گەورەی کورد لە خزمەتکردنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گەلانی ناوچەکەو فەرهەنگ و رۆشنبیری وەک بنەمایەکی لێکتێگەیشتنی نێوان نەتەوەو گەلانی ناوچەکە وەسف کرد.

کەواتە لە هزر و بیری سەرۆک مەسعود بارزانی کتێب بەهاو بایەخی گرنگی خۆی هەیە و فەرهەنگ و رۆشنبیری بنەمای لێکتێگەیشتن و ئاشنابوونی زیاتر و پەیوەندی مرۆڤانەی نەتەوە و گەلانە.

ئەوانەی بەرێز سەرۆک مەسعود بارزانی لە نزیکەوە دەناسن ئاشنان کەوا سەرۆک بارزانی خوێنەرێکی زیرەک و وردی کتێب و رۆشنبیرییێکی هێمن و دوور لەریکلام و خۆدەرخستنە. بەرێزان پەروەردەو گۆشکراوی ئەدەبیاتی بەرزی کوردی و نەتەوە و گەلانی ناوچەکەو جیهانە.. هەر لە شیعرو ئەدەبیاتی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی یەوە تا کتێبە مێژوویی و سیاسییەکان.

بۆیە گەر وەک پێویست بووبێ لە گوتارە سیاسییەکانی دا لە بۆنە جیاجیاکاندا شیعرو وتەی ئەدیب و نووسەران و شاعیرانی ناوداری بەنموونە هێناوەتەوە.

لەوانە وتەی تاگوربیرمەندی هیندی وەرە تا ئەم وتەیەی موتەنەبی شاعیری ناوداری عەرەب. ئەی کێ هەیە لە ئێمەمان ئەو دێرە شیعرەی مەلای جەزیری شاعیری ناوداری کوردی زیاتر لە هزرو بیردا نەچەسپیبێ..؟ کاتی سەرۆک بارزانی بۆ خۆنەچەماندنەوە و ئیرادە بەرزی لە قۆناغی پاش ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە زۆربەی وتارە سیاسییەکانی ئەم دێرە شیعرەی مەلای جزیری بە نموونە دەهێنایەوە و بەدەنگێکی پڕ باوەڕ و ئیرادەی زوڵاوە دەیگوت:

پشت نادەین دوو هەزار خەنجەر و تیرو ڕم و خشت

مە سەر دانییە ڕێ و ب خودێ بەستیە پشت.



## پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر
# ساڵێکی جیاواز بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی عەرەبی-کوردی



■ نووسەر: سۆزان تاهیر

دەستپێکردنی چالاکیەکانی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر بە بەشداری فراوانی نووسەر و بڵاوکراوەکانی ناوخۆیی و عەرەبی بەڕێوەچوو، لەگەڵ هاتنی خەڵکێکی زۆر بۆ سەردانی پێشانگەکە. ئەم پێشانگەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بەهۆی پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسانکاری کردن بۆ بڵاوکردنەوە و نمایشکردنی کتێبەکان لە پێشانگەکەدا.

لەم بارەیەوە نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد سۆران عەزیز دەڵێت: پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی کەلەپوور و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان کەلەپووری کورد و عەرەب.

هەروەها لەبارەی چالاکییەکانی نێو پێشانگەکە گوتی: ئەوەی سەرەنجی راکێشاوم گرنگییەکی زۆر بە وەرگێڕان و چالاکی جۆراوجۆر دراوە لە نێو پێشانگەکە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی هزری نووسەر و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان نووسەران بەتایبەت لەکاتی ئێستادا کە کەلەپوور لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەندێک لە گرفتدایە، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ بەهێزکردن و پشاندانی کارەکانیان.



هاوکات سالار عوسمان بەڕێوبەری کۆشکی فەرهەنگی لە سلێمانی دەڵێت: کردنەوەی بەردەوامی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر گرنگ و پێویستە بەتایبەت کۆبوونەوەی نووسەر لەیەک شوێندا بۆ نوێکردنەوەی فەرهەنگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایان.

هەروەها لە پێشانگەکە توێژەران و قوتابیان دەتوانن دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەبێت کە لە هیچ جێگەیەکی دیکە ئەو دەرفەتە ناگونجێت، چالاکییە بەردەوامەکانیش لەلایەکی دیکەوە گرنگییەکی زیاتری بە پێشانگەکە داوە کە بەهەزاران کەس رۆژانە روو لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بکەن.

### گرنگی زمانی کوردی

لەوبارەیەوە شاعیری کورد ئاریان ساڵح گوتی: پێشانگەی نێوەدەوڵەتی هەولێر لە کات و ساتی خۆیدا هاتووە، پێویستە ئەم دەرفەتە بەکار بهێنین بۆ پتەوکردنی فەرهەنگی نێوان عەرەب و کورد و هاوڵاتیان، ئێستا سەردەمێکی جیاوازە و فەرهەنگی نێوان عەرەب و کورد گرنگی زۆر هەیە بۆ جێگیرکردنی ژیانی هاوبەش و رەخساندنی دەرفەتی لێکتێگەیشتن لە نێوان خەڵکی هەردوولا، رێزگرتن و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات.

لەکۆتایدا دەڵێم: ئەمساڵ جیاواز دەبێت بەهۆی پشتگیریکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن جیهانەوە و درووشمی «جیهان بە کوردی دەدوێت» لەنێو خەڵکدا ڕەنگدانەوەی تەواوی بەخۆیەوە بینیوە.

## کاتێک ژیری دەستکرد رکابەری قەڵەم دەکات..

# ئایا وەکو مرۆڤ دەتوانێت بنووسێت؟

■ هەولێر / جنان سەرای



لەنێو پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، لەو شوێنەی کە زمان و بۆچوونەکان جیاوازن، خوێنەران هەریەکەو بەجۆرێک بەدوای کتێبی خوازیاریاندا دەگەڕێن، تەواو سەرقاڵن و لەنێو دونیای خۆیاندا نقوم بوون، کاتێک دەچووین بۆلای هەرکەسێک بۆ ئەوەی چەند خولەکێک گفتووگۆی لەگەڵدا بکەین بە ڕوویەکی پڕ هیواوە بۆمان دەدوا، ئەمەش هەستێکی پڕ ئەرێنی پێدەبەخشین.

خوێنەران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتووگۆیان لەسەر نووسەر و کتێبێکی بەناوبانگ نەدەکرا بەڵکو زۆربەیان هزریان لەلای ئەو جیهانە بوو کە لە ڕێگەی ڕۆمانی دڵخوازیانەوە بۆیان دروست دەبێت، دەیانگووت چیرۆکەکان تەواو لەژیانی ڕۆژانەمان جیاوازن، ئێمە تەنها چیرۆکی ژیانی خۆمان و چەند کەسێکی دەوروبەرمان دەزانین بەڵام کتێب ئاشنای چەندەها چیرۆک دەکات کە دەشێت لەڕاستیدا بوونیان هەبووبێت، بیرکردنەوەت تەواو فراوان دەکات بەجۆرێک ئێستا دەزانین ناخۆشییەکانی ژیان تەنها بەسەر یەک کەسدا نایەت وەکو چۆن خۆشییەکانیش تەنها بۆ یەک کەس نین، ژیان پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر کە دەشێت هەموومان پێیدا تێپەڕین.

بیرکردنەوەکانی مرۆڤ سنووریان نییە هەر لە منداڵییەوە چەندەها پرسیاری جۆراوجۆرمان لەلا دروووست دەبێت، کاتێک دەگەیتە نێو جیهانی ئەدەب و بیردۆز، پرسیاری تەواو جیاواز لە هزردا دروووست دەبێت کە هیچ پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی زیرەکی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، دەتوانین بڵێین ئایە کۆمپیوتەر دەتوانێت وەکو مرۆڤ بنووسێت؟ ئایە تەکنەلۆژیا دەتوانێت وەکو مرۆڤ تەجرووبەی ژیان بکات و چیرۆکی جۆراو جۆری هەبێت؟ بەدڵنیایەوە نەخێر، بیرکردنەوەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ ناکرێت بۆیە لە هەموو سەردەمێکدا کتێب لە تەکنەلۆژیا باشترە و مرۆڤ زیاتر فێر دەکات وابەستەی سنوورێکی دیاریکراوی ناکات.

ئەحمەد سەلام، خاوەنی دامەزراوەی «جەسەد» زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەم بابەتەدا و گوتی: تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکراوی ئەم سەردەمە ناتوانێت وەکو مرۆڤ بنووسێت، بەڵام دەتوانێت ڕۆمان و چیرۆک لە ژێر چاودێری مرۆڤدا بنووسێت، ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بە ئاسانی دەستمان دەکەوێت لە بنچینەوە بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە وخۆمان خەزنمان کردووە تێیدا، لەداهاتوودا دەکرێت تەکنیکی تەکنەلۆژیا پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت و کێبڕکێی مرۆڤ بکات بەڵام هیچ کات ناگاتە ئاستی مرۆڤ، مرۆڤ هەستی هەیە و درک بە ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەکات کە هیچ بەرنامەیەک نییەتی.

ئەمەش بۆچوونی زۆربەی سەردانیکەرانی پێشانگەکەیە لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا: دونیا وەعد، خوێنکاری زانکۆیە لەگەڵ سەیرکردنی ڕۆمانی ئەبابیلدا گوتی: تەکنەلۆژیا دەتوانێت ڕۆمان و چیرۆک و شعر بنووسێت بەڵام وشەکانی هەستی تێدا نیە و ناگات بە دڵ، مرۆڤ لەڕێگەی دڵ و ڕۆحیەوە وشەکان دەکاتە سەر کاخەزەکان ڤۆیە ڕاستەوخۆ هەستیان پێدەکەین.

لەولاشەوە مەروە جەلال کە کارمەندێکی حکومییە دەڵێت: تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم دەتوانێت یارمەتیدەری مرۆڤ بێت و کارەکانی بۆ ئاسان بکات بەڵام هەرگیز ناگاتە مرۆڤ چوونکە هەموو زانیارییەکانی کە هەیەتی لە بنەڕەتدا هی مرۆڤن.

هاوکات دایکی عومەر، کە دایکی سێ منداڵە و هاتووە کتێبی فێرکاری منداڵانە بکرێت گوتی: ئەگەر تەکنەلۆژیا بتوانێت کتێبی منداڵانەش بنووسێت من هەر ئارەزووی کتێب دەکەم، کتێبەکان هەستت پێدەبەخشن، بۆنی کتێبەکان جیاوەزەو دەگات بە دڵ، هەندێک لە نووسەران وا هەست دەکەن ژیری دەستکرد هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆییە و هەندێکی دیکە وەکو یارمەتیدەرێک سەیری دەکەن و منیش وەک خۆم پێم ناخۆش نییە ژیری دەستکرد هەبێت بەڵام دڵنیاشم هەر مرۆڤ پێشکەوتووترە.

چاومان بە بولس ڕامی کەووت کە هونەرمەندێکی وێنە کێشەو هاتووە کتێبی هونەری بکڕێت، لەبارەی ژیری دەستکردەوە گوتی: لێتان ناشارمەوە هەندێک کات دڵەڕاوکێ دەمگرێت لەم پێشکەوتنە خێرایەی ژیری دەست کرد، دەترسم وێنەکان بشێوێنێت و هەستیان بۆ نەهێڵێتەوە، دڵەڕاوکێکەم بۆ ئەوە نییە ژیری دەستکرد بە چەند خولەکێک وێنەیەک بۆ دروووست دەکات بەڵکو بۆ تێکدانی ناوخۆی مرۆڤە، من وێنە دەکێشم چونکە کۆمەڵێک هەست لەمندا کۆبوونەوەتەوە پاشان دەتوانم وێنەیەک بکێشم لەکاتێکدا ژیری دەستکرد ڕاستەوخۆ وێنەیەک بەرهەم دەهێنێت کە هیچ ژیانێکی تێدا نییە.

بەپێچەوانەوە دوعا سەلمان لەبارەی ژیری دەستکرد و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گوتی: من هیچ لەم پێشکەوتنەی ژیری دەستکرد ناترسم چونکە بەشێکی دیکەی مرۆڤەو خۆمان دروووستمان کردووە، تەواوکەری ئێمەیە و ئاسانکاریمان بۆ دەکات، کات زۆر گرنگە ئەوەی لە ڕابردوودا بە چەندەها مانگ دەستمان دەکەوت لە پاش گەڕانێکی زۆر ئێستا لە چەند خولەکێکدا لەبەردەستمانانییە و کاتێکی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە.

هەتا منداڵە ١٣ ساڵەکانیش بۆچوونیان وابوو، شەهم کەلەگەڵ باوکی هاتبوو گوتی باشە ئەگەر کۆمپیوتەر چیرۆکێک بنووسێت لەکاتی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەست بە پێکەنین یاخود گریان دەکات هەستەکەم نەخێر کەواتە چۆن دەیەوێت من هەست بە چیرۆکەکە بکەم.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەکاتی دواندنی خەڵکدا ئەوەبوو کێشەکانیان تەکنیکی نەبوون بەڵکو مرۆیی بوون، پرسیارە سەرەکییەکانیان پەیوەست بوو بە هزروو بیرکردنەوە و هەستەکانیان، هاوڕابوون کە ژیری دەستکرد زۆر خێرا زانیارییەکانت پێدەدات بەڵام ناتوانێت هەستت پێ ببەخشێت.

لەکۆتایی ڕۆژەکەمدا، لەنێو بۆنی کتێبە نوێکان و ڕاپەڕە جیاوازەکان کە هەریەکەیان بەهەستی نووسەرێک نوسرابوون بۆم دەرکەوت هیری دەستکرد پرسیارێکی نوێی ژیانمانە و هەندیک لێی دەترسن و هەندێکی دیکە بە یارمەتیدەر سەیری دەکەن، ئەوەی زۆربەی هاوڕابوون لەسەری نووسین دەبێت بە هەستەوە بێت تاوەکو بکات بە خوێنەر کاتێک لە نووسینێکدا ڕووداوێکی ناخۆش و تراهیدیا هەیە و چاوەکانم پڕ دەبێت لە فرمێسک لەهەمانکاتدا دەڵێم دەبێت نووسەرەکە تاوەکو ئەم ڕووداوەی نووسیوە چەند جار گریاوە بۆیە کتێبەکان پەیوەستن بە ڕۆحمانەوە و تەنها نوسراوێکی ئاسای نین.



## لە بەشەکانی بڵاوکراوە عەرەبییەکان:

# ڕووکردنە خوێندنەوەی ڕۆمان کەم نەبووە

■ جنان السراي

**لەنێوان پەڕەکانی کتێبدا کە بەشێوەیەکی سرنجڕاکێش ڕیزکراون و ناونیشانەکانیان لە بیرو فەلسەفە و مێژوو پێکهاتوون، پانێلی بڵاوکراوە عەرەبییەکان بۆ گرنگیدان بە گووتار لەبەرزترین ئاستدایە، وەک هونەرێک کە هێشتا نەبووە بە پەنابەر، دەرگایەکەکی کراوە بۆ جیهانی نێوخۆی مرۆڤ.**



لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمی پێشانگا، خەڵکی لە هەموو پارێزگەکانەوە سەردانی نێو پێشانگەکەیان دەکرد، دەنگی گوتار لە ئاستێکی بەرزدابوو بە بەراورد بە پێشانگەکانی ڕابردوو، لەهەر سوچێکدا گەنجێک لەلای نووسەری دڵخوازیەوە ڕاوەستابوو بە خۆشەویستییەوە ئەیڕوانییە نووسەرەکەو چاوەڕێی واژوو بوو بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە وەک یادەوەرییەکی جوان بمێنێتەوە لەلای، یەکێک لە خوێنەران گوتی من مسرو لوبنان و عێراق گەڕاوم بۆ ئەوەی نوێترین گوتاری نوسەرە جیهانییەکانم دەست بکەوێت.

لەم پێشانگەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەی لە لاپەڕەکانی سۆشیاڵ میدیا دەگوترێت کە خوێنەر ڕۆژ بەڕۆژ لە کەمبووندایە ڕاست نییە و بگرە خوێنەر لە زیاد بووندایە بەتایبەت لە چینی گەنجان چونکە لەم سەردەمەی ئێستادا مرۆڤ زیاتر پێویستی بەوەیە هەست بە شتەکان بکات و ژیری دەستکرد لە هەوڵی نەهێشتنی هەستەکانماندایە.

ڕەحمە فەلاح کە نووسەری گوتاری (زودتك نفسي)یە و گوتارەکەی زۆرترین کڕیار و خوێنەری هەبووە، سەرەتا گوتارەکەی لە «Old Book» بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠٢٤ بە (المدى) گوت: هێشتا خوێنەری گوتار لە ئاستێکی بەرزدایەوە بەتایبەت ئەگەر خەیاڵ و هەست تێکەڵی نووسینەکەت بکەیت.

لەهەمانکاتدا گوتی: خوێنەری گەنج زیاتر بەرەو ڕووی گوتار دێن چونکە نووسینەکان دەیانباتە جیهانێکی دیکە و کەمێک لەسەرقاڵی و نائارامی ژیان دووردەکەونەوە.

لەسەر جۆری گوتارەکان و پڕفرۆشی لەنێو خەڵکدا، ڕەحمە گوتی: گوتارە خەیاڵی و ڕۆمانسییەکان لە پلەی یەکەم دادەنرێت کە خەڵکی بە تامەزرۆووە دەیکڕن، گوتارە ڕۆمانسییەکان لە جوانترین جۆری ئەدەبیاتن، چونکە دەربارەی کەسایەتییەکان چیرۆکێکی پڕ لە هەستیان پێشکێش دەکەن و لەڕێگەی گوتارەکانەوە فێری پەیوەندییە مرۆییەکان و قوربانیدان و لێکتێگەشتن دەبن، خوێنەرە گەنجەکان زۆر لە گووتارەکانمان ڕازین و دەڵێن لەدوای خوێندنەوەی گوتارەکانتان زیاتر دەتوانین لە کەسی بەرامبەر تێبگەین و ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین.

لەهەمانکاتدا هەندێک نیگەرانین بەوەی خواست لەسەر جۆرەکانی دیکەی کتێب کەمبووەتەوە بەتایبەت فکری و فەلسەف، خوازیارین هەموو جۆرەکانی گوتار خواستی لەسەر بێت چونکە بۆ ژیانی ڕۆژانەمان هەموویان پێویستن و دەکرێت کەڵکیان لێ وەرگرین.

ئەمیر عەلی، لە بڵاوکراوەی یەکێتی نووسەر و ئەدەبیات لە عیراق دەڵێت: گوتار لە جۆری فکری و ڕەخنەگرانە لە نێوان گەنجا ڕەواجی نییە، سەختی تێگەیشتن لە کتێبە فەلسەفییەکان گەنجێکی کەمتر لەخۆی کۆکردووەتەوە، ئەو گوتارانەی کە بە زمانێکی سادە زۆرترین پەیام بە خوێنەر دەدات پڕفرۆشترینە.

دەستەواژە: پێویستە کتێبە سیاسی و مێژوویەکان زیاتر سەرنجیان بخەینە سەرو لە نێو گەنجەکانماندا خۆشەویستی بکەین، دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە هۆکارن کە زیاتر گەنجان لە راستی و واقع هەڵبێن و پەنا بۆ خەیاڵ ببەن تاوەکو بێ ئاگا بنن لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە.

هیبە محەمەد، خوێنکاری زانکۆیە و لەنێو پانێلەکە بەدوای گوتارێکدا دەگەڕێ دەڵێت: گوتار بۆ من تەنها خۆشحاڵی نییە، بەڵکو سەرچاوەیە بۆ فێرکاری ژیان. دەربارەی هەستەکان دەخوێنمەوە کە تاوەکو ئێستا تاقیم نەکردووەتەوە، هەست دەکەم ئەمە وەک ڕاهێنانێک دەبێت بۆ داهاتووم کە زیاتر لە بەرامبەرەکەم تێبگەم.

لە لایەکی دیکە، تالا وعد، فرۆشیارە لە یەکێک لە دارەکان، دەڵێت ڕۆمانەکان زۆرترین فرۆشیان هەیە، داواکاریەکان لەسەر گوتارەکان کەمی نەکردووە، بەڵکو زیاد بووە، بە تایبەتی ئەو گوتارانەی کە دەربارەی خۆشحاڵی، ئازار، و ناسنامە قسە دەکەن.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروووست دەبێت، ئەو پەیوەندییە بەهێزە چیە کە لەنێوان گوتار و خوێنەردا هەیە؟ ئەو پەیوەندیەکی بەهێزە چونکە گوتار وەک ئێمەیە، هەڵە دەکات و داوای لێبووردن دەکات پاشان لێشی خۆش دەبێت، خەو دەبینێ و پاشان دووبارە دەست بە ژیان دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا چەند دڵخۆشین بە بوونی خوێنەری جدی و زیادبوونی ژمارەیان، ئەوەندەش خەمناکین کە گەنجەکانمان زیاتر بەوە ئاسوودەن لە خەیاڵدا بژین و لە ژیانی ڕاستەقینە بەدوور بن.

## وێڕای جەنجاڵی ئامرازەکانی کات بەسەربردن،

# پێشوازییەکی جیهانیی لە کتێب دەکرێت



■ هەولێر/ نور عەبدولقادر

وێڕای پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیا و زۆربوونی ئامرازەکانی کاتبەسەربردن، هەر لە زنجیرە درامییە تەلەفزیۆنەکانەوە تا ئەپەکانی ماسمیدیا و يارییە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام هێشتا کتێب سەنگ و پێگەی خۆی لەسەر تاقچەی دیوار و کتێبخانە و کافتریاکان لەدەست نەداوە، ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشانەیش ناچارمان دەکات بپرسین ئایا نهێنی پشت بەردەوامبوونی خوێنەر و خوێندنەوە چییە؟! ئایا کتێب توانیویەتی بەرامبەر ئەو گێژەلووکە ئەلیکترۆنییە بەهێزە بگرێت؟! بەڵام ئەوەی لە دیمەنەکانی ناو پێشانگای کتێب بەدی دەکرێت، پێمان دەڵێت «پێدەچێ کتێب توانای هەبێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئالەنگارییانە ببێتەوە، کە هاتونەتە بەردەمی و توانیوویشیەتی کە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ میدیای ژمارەیی و سەرکەوتووانەیش پارێزگاری لە بریسکە و ڕەونەقی خۆی بکات.

لە چەند ساڵی رابـــردوودا، هەست دەکرێت کە جارێکی دیکەش خوێندنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو گەڕاوەتەوە پێگەی خۆی و بەتایبەتیش گەنجان کتێب دەخوێننەوە، ئەگەرچی بانگەشەی نەمان و کەمبوونەوەی مەیلی خوێندنەوە دەکرێت، بەڵام دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و ئەو پێشانگە نێودەوڵەتیانەی کتێب کە دەکرێنەوە، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەلماندووە و بەشداریی زۆری خوێنەران لە هەموو تەمەنەکاندا بەڵگەی ئەوەیە، کە خوێنەر هەیە، ئەوەیش ئومێدێکی باشی بۆ پیشەسازی چاپ و بڵاوکردنەوە دروستکردەوە، کە ساڵانێک بوو بەهۆی دابەزینی فرۆشی کتێبەوە گیرۆدە ببوون. ئەم بۆچوونە تازەیە توانا و هێزی کتێب وەک ئامرازێکی کاریگەر لە جیهانێکی خێرادا نیشاندەدات، کە پشتی بە خێرایی و سەرنجدانێکی کورت بەستووە، هەروەهاش بۆچوونێک هەیە زیاتر گرنگی بە جۆرێکی دیاریکراوی کتێب دەدات و ئەویش پەیوەندی بە بەها و گەشەپێدانی مرۆیی و ئەدەبیاتەوە هەیەو پەیوەستە بە قووڵایی فیکری و کولتووری و دوورە لە ئامرازە خێراکانی کات بەسەربردن.

مام ئەحمەد میسری، خاوەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیەو بەشداری لە چەندین پێشانگای کتێب کردووە، دەڵێت: گەنجان و تەنانەت منداڵانیش زۆرترین خواستیان لەسەر کتێب هەیە، ئەمەش وای لێکردووین بەشداری لەو کۆڕ و کۆڕبەندە ئەدەبیانە بکەین بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی گەنجان لە جیهانی تەکنۆلۆژیای تازەوە بۆ بابەتە فیکرییەکان، لێرەشدا خێزان گەورەترین بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە لە هاندانی منداڵەکانیان و دابینکردنی کتێب لەبری لە ئامێرە دیجیتاڵییەکان، کە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بینینیان.

ئەم لێدوانە گوزارشت لە پەرەسەندنی هۆشیاریی تاکەکان دەکات سەبارەت بە گرنگیی خوێندنەوە لە سەردەمی ئێستادا، کە پێویستی بە دایک و باوک و کۆمەڵگا هەیە پشتگیری ئەم کولتوورە بکەن و هانی منداڵان و گەنجان بدەن.

لە کاتێکدا زۆرجار تەکنەلۆژیا وەک دوژمنی کتێب سەیر دەکرێت، هاوکات بووەتە ئامرازێک کە پەرە بە کولتووری خوێندنەوەش دەدات، لە ڕێگەی پلاتفۆرمی کتێبی ئەلیکترۆنی و کتێبی دەنگییەوە، تەنانەت هەندێک لە نووسەران توانیوویانە ئەو ماسمیدیایە بقۆزنەوە بۆ سپۆنسەرکردنی کتێبەکانیان گەیاندنیان بە زۆرترین جەماوەری خۆیان. ئەمڕۆ هەر کەسێک بەهۆی مۆبایلە زیرەکەکان و ئەپلیکەیشنی تایبەتمەندەوە دەتوانێت دەستی بگات بە هەزاران کتێب لە گیرفانی خۆیدا هەڵیانبگرێت و بیانخوێنێتەوە، ئەمەش وایکردووە کتێب لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا بەردەست بێت.

خوێنەرێک لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەلمەدا، دەڵێت: «تەکنەلۆژیا بەشداری کردووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و گرنگی خوێندنەوە بە کوالیتییەکی بەرز، ئێستا ئەپەکانی ئینستاگرام و تیک تۆک تیشک دەخەنە سەر نووسەری تازە و کتێبی نوێ، کە هەموویان ئاستی هۆشیاری خوێنەر بەرز دەکەنەوە. ئەمەش زیاتر هانی گەنجانی داوە بۆ خوێندنەوە، کە شانازی بە کولتوورەکەیانەوە بکەن و پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر بکەن».

ئەم پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییانە دەریانخستووە کە کتێب بووەتە بەشێک لە شێوازێکی ژیانی مۆدێرن، زۆر کەس نمایشی کولتووری خوێندنەوەیان دەکەن و بە ئاشکرا باسی ئەو کتێبانە دەکەن، کە خوێندویانەتەوە، بەمەش پێگەی کتێب لە کۆمەڵگادا بەرزتر دەبێتەوە.

هەروەها هەندێک لە پێگە دیجیتاڵییەکان خوێندنەوە وەک بەشێک لە شێوازی ژیانی مۆدێرن بەرەوپێش دەبەن، کتێبەکان دەکەنە هێمای هۆشیاری و پێشکەوتن. ئەمەش لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی پێشانگای کتێبیشەوە پشتڕاستکرایەوە، کە دەڵێت: «ئەگەر سۆشیال میدیا نەبووایە، ئارەزووی گەنجان بۆ خوێندنەوە زیادی نەدەکرد. ئێستا کتێبە دڵخوازەکانیان بڵاودەکەنەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەکەن و هەست بە شانازی دەکەن کە خوێنەرێکی هۆشیارن». دەشڵێت: ئەم کارلێکە دیجیتاڵییە تەنیا لە خوێندنەوەدا سنووردار نەبوو، بەڵکو بڵاوکردنەوەی کولتووری ئەدەبی و دروستکردنی پەیوەندی نێوان نووسەران و خوێنەرەشی لەخۆگرتووە.

ئەمڕۆ خوێندنەوە تەنیا پراکتیزەیەکی نەریتی نییە وەک ئەوەی جاران هەبوو، بەڵکو بۆتە بژاردەیەکی تاک کە ڕەنگدانەوەی ئاستێکی هۆشیاری و کولتوور و دوورکەوتنەوەیەکی ئەرێنیشە لە گشارەکانی ژیان، کە قوڵبوونەوەیەک بە خوێنەر دەبەخشێت، ئامرازەکانی کات بەسەربردن نەیانتوانیووە ئەو قوڵبوونەوەیە ببەخشن، هەروەهاش ڕێگەی پێدەدات بەدواداچوون بۆ بیرۆکە و ئەزموون و بیروباوەڕی جیاواز بکات، ئەمەش ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی لە خۆی و جیهانی دەوروبەری بەرزتر دەکاتەوە. هەروەها کتێب دەرفەت بە خوێنەر دەبەخشێت کە پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ دەق و ئەو چیرۆکانە دروست بکات، کە ڕەنگە گۆڕانکاری لسەر ژیانی دروست بکات.

وێڕای گۆڕانکاری خێرای دیجیتاڵی، کتێبەکان هێشتا سەنگ و بەهای خۆیان پاراستووە، بەتایبەتی کاتێک بە شێوەیەکی مۆدێرن پێشکەش دەکرێن، کە ڕەسەنایەتی و داهێنان تێکەڵ بە یەکتر دەکەن، لە کاتێکدا شاشە و کاغەز جیهانیان تووشی لەرزین کردووە، بەڵام کتێبەکان دەیسەلمێنن کە وەک یەکەم دۆستی مرۆڤایەتی و جوانترین پەنجەرەی مەعریفە و خەیاڵ دەمێننەوە. ڕەنگە کات بەسەربردنی مۆدێرن ئالەنگارییەکی دروست کردبێت، بەڵام کتێبەکان هێشتا خاوەنی ئەو هێزەن کە کاریگەری قووڵییان لەسەر ڕۆحی مرۆڤەکان هەبێت و ئاسۆی نوێ بۆ خوێنەران لە سەرانسەری جیهاندا بکەنەوە.



## ناونیشانەکان ڕەنگدانەوەی واقیعن

# ئایا دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە خواستی خوێنەر تێگەیشتوون.؟





■ هەولێر / جنان ئەلسەرای

ڕەوتی ڕۆشنبیری لە ئێستادا، شایەدی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە خواست و سەلیقەی خوێنەر دەدەن، چونکە لە ئێستادا خوێنەر بەدوای کتێبێکدا دەگەڕێن، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خوێنەر هەیە و لە یەک کاتدا ناوەرۆکێکی واقیعی و زانیارییان پێشکەش دەکەن. لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، چەند ناونیشانێک بە زەقی بەدی دەکرێن، ئەو ناونیشانانەی کە ڕەنگدانەوەی کێشەکانی سەردەمن، وەک پەیوەندییە مرۆییەکان، تەندروستی دەروونی و ئالەنگاریی کۆمەڵایەتی.

هەندێک لە سەردانکارانی پێشانگاکە پێیانوایە کە زۆرێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە تێگەیشتون لە خواستی خوێنەران و ناونیشانی دووبارە و دروشمەکانیان بەلاوە ناوە و کتێب بە ناوەرۆک و ناونیشانی نوێ و تازەوە پێشکەش دەکەن، پێدەچێت ئەم هەنگاوەیش وەڵامێکی هۆشیارانە بێت بۆ گۆڕانی خواستەکانی خوێنەر، بەتایبەتی لە نێو گەنجاندا.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەیاد رازی نوێنەری دار النصوص بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن ڕایگەیاند: ئێمە بە وردی چاودێری بازاڕ دەکەین و پێمانوایە خوێنەرانی ئەمڕۆ زیرەکن و بەدوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕێن، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی خۆیان بێت، بۆیە مکوڕین لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانانەی قووڵایی فیکرییان هەیە و نزیکن لە خوێنەرەوە، بەبێ هیچ ئاڵۆزیی و ڕووکەشییەک، چونکە ناونیشانێکی باش بە تەنیا بەس نییە، دەبێت بە ناوەڕۆک پشتگیری لە ناونیشانەکە بکرێت، کە بەهای کتێبەکە زیاد بکات نەک دووبارەکردنەوەی ناونیشان و ناوەرۆکەکانی پێشوو بێت.

ئەم بۆچوونەیش ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی تازەیە بۆ دروستکردنەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی پردی متمانە لە نێوان خوێنەر و نووسەران، لە ڕێگەی ناوەڕۆکی مانادارەوە کە شایەنی خوێندنەوە بێت.

## لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

# «مێژووی کورد، پرسی شۆناس»... پانێڵێك یادەوەری نەتەوەیی زیندوو دەکاتەوە



> لە درێژەی کار و چالاکییەکانی 17هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، پانێڵێکی رۆشنبیری بەناوی «مێژووی کورد، پرسی ناسنامە». کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکخرابوو و تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیر و ئەکادیمی و هۆگرانێکی زۆری مێژوو و ناسنامەی گەلی کورد ئامادەبوون.

پانێڵەکە کە لە هۆڵی سیمینارەکان بەڕێوەچوو، سەکۆیەکی زانستی پێکهێنا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر وێستگە مێژوویە گرنگەکانی ژیانی کورد، لە بنەچە کۆنەکانیەوە تاکو سەردەمی عوسمانی، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەی کە کاریگەریی هەبوو لەسەر پێکهێنانی شوناسی کورد.

### شۆناسی لە روانگەی مێژوو و بەڵگەوە

سەرەتای پانێڵەکە بە وتارێکی نووسەر و توێژەر سۆران حەمەڕەش دەستی پێ کرد، کە پوختەیەکی تێروتەسەلی لەسەر کورد پێشکەش کرد بە پشت بەست بە بەڵگەی مێژووی و زمانەوانی، هەروەها باسی پەیوەندی کورد بە شارستانییە کۆنەکانی ناوچەکەوە کرد و ئاماژەی بەوە دا کە «شۆناسی کورد هەرگیز نەبووەتە قورسایی یاخوود دەخیل، بەڵکو ریشەی لە قوڵایی مێژووەوە، لە رێگەی ناوی شانشینەکان و نووسرا و ئاسەوار و زمانەوە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی کە درا بۆ سڕینەوە و شاردنەوەی، هەر بە زیندویی مایەوە.

حەمەڕەش دەشڵێت «لە کۆنەوە تا سەردەمی نوێ کورد سەرەڕای پارچەپارچەبوون و دابەشبوونی سیاسی، لە جوگرافیایەکی ئاڵۆز و مێژووی تێکەڵاودا چالاک مایەوە و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی پاراستووە«، جەختی لە گرنگی هۆشیاری مێچوویی کردەوە لە بەهێزکردنی سەربەخۆیی نەتەوەیی، بەتایبەت لە نێو نەوەی نوێدا.

### سەردەمە مێژووییەکان... خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی قووڵ

د. ئیبراهیم موحیدین بابەتێکی شیکاری پێشکەش کرد تێیدا باسی لە مێژووی کورد لە سەردەمە جیاوازەکان کرد، و بە تایبەت تیشکی خستە سەر سەردەمی عوسمانی کە بە یەکێک لە گرنگترین سەردەمە مێژوویەکانی گەلی کورد زانیی.

د. ئیبراهیم باسی لە بارودۆخی کورد لە سەردەمی عوسمانی کرد، بەتایبەت لە سوریا و کاریگەری ئەم مێژووە لەسەر ئێستا و ئایندەی گەلی کورد.

هەروەها باسی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و رۆڵی گرنگی کورد لە رووداوە مێژووییەکانی وەکو شەڕی چاڵدیران لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی کرد و چۆن کورد سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی پاراست.

هەروەها تیشکی خستە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕوی کورد بووەوە و دەبێتەوە لە پاراستنی زمان و ناسنامەکەیدا» وە پێی وایە سەردەمی عوسمانی لە شایستەترین قۆناغە مێژووییەکانی لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتن لەو پێشهاتە سیاسی و شۆناسانەی کە بەدوایدا هات.

### ئامادەبووان و کارلێکی بینەر

پانێڵەکە کارلێکی (تفاعل) ئامادەبووانی بەخۆوە بینی، ئەمە وای کرد ئامادەبووان پرسیار بخەنەڕوو و تیشکیان خستە سەر چۆنێتی بەستنەوەی رابردوو بە ئێستا و میکانیزمەکانی بەهێزکردنی شۆناسی کوردی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگە کلتووریی و جیهانگیرییانە.

هەر لە پانێڵەکە تیشک خرایە سەر گرنگی مێژوو لە دامەزراندنی شۆناسی گەلان» بەتایبەت گەلی کورد کە دەیان ساڵە بەدەست هەوڵی وەدەرنان و پەراوێزخستنەوە دەناڵێنن.

بەشداربووان کۆکبوون لەسەر پێویستی پاڵپشتی کردنی توێژینەوە ئەکادیمییە مێژووییەکان و فراوانکردنی بازنەی گفتوگۆ لەسەر شۆناسی نەتەوەیی. نەک تەنها لە ناو دامەزراوە کلتوورییەکان» بەڵکو لە میدیا و پەروەردەشدا.

١٧هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر ئەمساڵ پێ دەچێت تەنها بۆ نمایش کردنی کتێب و بڵاوکردنەوەکان نییە، بەڵکو فەزایەکی فیکری نوێبوونەوە دەڕەخسێنێ بۆ گفتوگۆکردنی پرسەکانی بوون و شۆناس لە ساتێکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی کورد.